**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پالپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، بە گوێرەی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران خستییە روو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (١١)دا کە رۆژی ٢٠١٣/٤/٢٤ گرێ درا، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٣**

**یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان**

**بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی یەکەم:**

ناوی یاساکە لە (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) هەمواردەکرێت بۆ (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) جێگەی دەستەواژەی (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك کە لەم یاسایەدا هاتبێت.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم: دەستە: دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم).

**دووەم:** بڕگەی پێنجەم لە ماددەی یەکەم لە یاساکەدا هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پێنجەم: ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە ناوچەی کوردستانین، کە لە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتبونە ژێر رێکارەکانی بە عەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی).

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیە پێویستکارەکان**

وەك جەختکردنێك لە سەر بڕاوەیی دەستپێگرتن بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشت ئامرازە ڕەواکان وەك بەشێکی نەشیاو بۆ جیاکردنەوە لە کوردستان – عێراق لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیاوە، وە لەبەر ئەوەی زاراوەی (ئەو ناوچانەی ناکۆکیيان لەسەرە)کە لە دەستوری عێراقیدا هاتووە کورت ناکرێتەوە سەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوویێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (٧)ی شسالی ٢٠١٣ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا دەرچوێنرا.